# نامۆبوونی لاوان بەپ...

نەبوونی متمانە لەناو گەنجانـدا هۆکارە بۆ سەرنەکەوتنی ئەم پرۆسەیە، ئەمە باوەڕی خاتوو مەهناز عەلی بوو، ناوبراو وای دەبینی کەپرۆسەی هاوسەرگیری بەر لەهەموو شتێك پێویستی بەوە هەیە کە متمانە لەنێوانی گەنجەکاندا هەبێت بۆئەوەی کە ئەو پرۆسەیە بەشێوەیەکی سەرکەوتوو و ئەکتیڤانە بەڕێوەبچێت لەبەر ئەوەی کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا لەبەر هەرهۆیەك بێت متمانە لەنێوانی گەنجەکاندا کەم بووە و کەسمان باوەڕ بەوی تر ناکەین، گەنجێگ کاتێك کە دەچێت بۆ داوای کچێك ئەگەر کچەکەو کەسوکاریشی بناسێت، هەر متمانە ناکات و پرسیار لەهەموو دنیاو هەموو کەسانێك دەکات کە دەیانناسێت، کچێکیش ئەگەر کوڕێك بێت بۆ داوای هەمان پرسیار و لێکۆڵینەوە لەسەر کوڕەکە دەکات، لەبەر ئەوە نەمانی متمانە گەورەترین قەیران و کێشەی بۆ هەمووومان دروستکردووە، من خۆم باوەڕم بە کەس نەماوە و وەهام لێهاتووە زۆر زەحمەتە بتوانم بە کەسێك رازیبم، چونکە متمانەم بەهیچ کوڕێك نەماوە کە خاوەن ڕەوشت و کەسێکی باش بێت و چەندین جار کەسانێك هاتوون بۆ داوام و بەڵێنی زۆریان داوە، بەڵام من متمانەیان پێناکەم، واتە هۆکاری دواکەتن یان ڕوونەدانی پرۆسەی هاوسەرگیری نەبوونی متمانەیە بەیەکتری.

کێشەی نێوان هاوسەرەکان هۆکارێکی سەرەکین بۆ ڕوونەدانی هاوسەرگیری، ئەمە باوەڕی خاتوو بەناز حەسەن عەلی توێژەری کۆمەڵایەتی بوو، ناوبراو وای دەبینی کە لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا هەزاران کەس هەن کەکێشەیان بۆدروست بووە لە دوای ئەنجامدانی پرۆسەی زەواج ئەویش خۆی لەچەند کێشەیەکدا دەبینێتەوە لەوانە لێکتێنەگەیشتن و متمانەنەبوون بەیەکتری و دڵپیسی هاوسەرەکان بەرامبەر بەیەکتری و رازینەبوونیان بەو واقیعەی کە دوای پرۆسەکە دروست دەبێت، ئەمانە هەمووی ئەو کێشانەن کە هەزاران هاوسەر واتە (ژن و مێرد) بەدەستیەوە دەناڵێنن، لێرەدا دەگەینە ئەنجامی ئەوەی کە گەنجەکانمان چ کوڕان چ کچان لەئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری دەترسن و ناوێرن ئەنجامی بدەن، لەبەر ئەو کێشانەی کەدوای پرۆسەکە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. لەبەر ئەمە هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی گەنجەکان لەپرۆسەی زەواج دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوکەسانەی بەر لەوان پرۆسەکەیان ئەنجامداوە رازی نین بەو ژیانەی تیایدان، لەبەر ئەوە پرۆسەکە سەرکەوتوو نەبووە، ترسێکیش لەلای ئەو کەسانە دروست دەبێت کە ئەو پرۆسەیەیان ئەنجامنەداوە بۆ ئەوەی خۆیانی لێ بەدوور بگرن، وەك زۆر جار من پرسیارێکم لەو کچانە کردووە کە تەمەنیان سەروو چل ساڵەو تا ئێستا نەچوونەتەوە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، واتە بوونەتە قەیرە کچ، کە لێم پرسیون ئایە ئامادەن شوو بکەن؟ ئەوان وتویانە ئامادە نابین، چونکە ژنەکان ناتوانن بەئاسوودەیی لەگەڵ مێردەکانیاندا بژین و زۆربەی ژن و مێردەکان نەیان توانیوە خێزانێکی ئاسوودە بۆخۆیان دروست بکەن، ئیتر ئێمە بۆ چاویان لێبکەین.

بەرزی ڕێژەی تەڵاق هۆکارێکە بۆ کەمبوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری، ئەمەباوەڕی خاتوو هێرۆ عەلی ئیسماعیل بوو وەك پارێزەرێك وای دەبینی زۆر لەکچان و کوڕان ئەمڕۆ ناوێرن بچنە ناو پرۆسەی زەواجەوە لەبەر ئەوەی زۆربەی پرۆسەی زەواجەکان سەرکەوتوو نابن و ڕوو لە هەڵدێر دەکەن، لێرەدا ئەگەر تەماشایەك بکەین شاری هەولێر لە شەش مانگی یەکەمی ساڵ ٢٠١٠ دا نزیکەی سەدان حاڵەتی تەڵاق ڕوویداوە لەکاتێکدا ڕێژەیەکی زۆر لەهاوسەرەکان هەن هەرچەندە کێشەو گیروگرفتیان هەبێت و ژیانیان پێکەوە زۆر زەحمەت بێت لەبەر دابونەریتی کۆمەڵایەتی پەنا نابەنە بەر ئەنجامدانی تەڵاق و هەوڵدەدەن هەر چۆنێك و بەهەرحاڵێك بێت بەیەکەوە بژین، لێرەدا من زۆر کەسم بینیوە لە پرۆسەی هاوسەرگیری پەشیمان بۆتەوە و جیابوونەتەوە، ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ ئەو کە گەنجانەی کە تازە پێدەگەن ڕوونەکەنە ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری و خۆیانی لێبدزنەوە.

گەنجەکانمان ڕوویان لەئایین نەماوە بۆیە زەواج ناکەن، ئەمە قسەی بەڕێز مامۆستا محەمەد عەلی ئیسماعیل بوو وەك زانایەکی ئایینی ئاماژەی بەوەدا کە زۆربەی گەنجەکان ڕوویان لە رابواردن و گەشتوگوزار و گەڕان و چوون بۆ هەندەرانە، ئیتر بیریان



**پرۆسەی مارەبڕین یا ژنهێنان ئەو پرۆسەیەیە کە لەهەموو شوێنێکی سەر ئەم زەمینەدا بەشێوەیەکی بەربڵاو هەستی پێدەکرێت و لەگشت ناوچەکانی دنیادا بوونی هەیە، لەلای هەموونەتەوەو ئایینەکان هەریەکەیان بەجۆرێك و بەشێوەیەك، واتا هیچ شوێنێکی سەر ڕووی زەمین نییە کەئەم پرۆسەیەی تیادا ئەنجام نەدرێت، چونکە تاکە ڕێگەیە بۆ دروستکردنی خێزان لەسەر**

# ـــــــرۆسەی هاوسەرگیری

**بنەمایەکی دروست و درێژەدانە بە وەچەکانی مرۆڤایەتی. شایەنی وتنە ئەمڕۆ ڕێژیەکی بەرچاوی لاوان لەشارەکانی هەرێمی کوردستاندا لەئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری دوادەکەون و لەکاتی خۆیدا ئەنجامی نادەن، هەندێکێکیان هەر خۆیان بەدوور دەگرن لەئەنجامدانی و بگرە هەندێکیان هەن هەتا مردن هەر بە ڕەبەنی دەمێننەوە.**



لە زەواجکردن نییە، چونکە ئەگەر لەرووی ئایینییەوە تەماشا بکەین هەموو ئایینە ئاسمانییەکان بەگشتی و ئایینی ئیسلامی پیرۆز بەتایبەتی هانی زەواجیان داوە، بەڵام گەنجەکانمان ئەمڕۆ پشتیان کردۆتە ئایین و ڕوویان کردۆتە ڕابواردن و خۆشی و گەڕان، ئەگەر بمانەوێت گەنجەکان هانبدەین بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی زەواج، ئەوا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دەقە ئاسمانییەکان و جێبەجێکردنی بنەما پیرۆزەکانی ئایینی ئیسلامی پیرۆز کە کۆمەڵگە لە نەزانی و دواکەوتوویی ڕزگار دەکات و ئەوکات دەتوانین بەهۆی ئەوەی کە گەنجەکان بخەینە سەر ڕێگەی ڕاست و زەواج بکەن، بەڵام هەتاوەکو گەنجەکانمان ڕوویان لە علمانیەت بێت، ئەوا پرۆسەی زەواج لەناو کۆمەڵگەدا دوادەکەوێت، ئەگەر تەماشا بکەین ئەمڕۆ باری ئابووری و داهاتی خەڵك لەهەرێمی کوردستاندا لەچاو جاران زۆر لە وڵاتانی تر باشترە، بەڵام خەڵك پشتیان لەئایین و سەرجەم کۆڵەگەکانیشی کردووە کە یەکێك لەوانە پرۆسەی هاوسەرگیریە کە بنەمایەکی گرنگی ئایینی ئیسلامە.

گەنجان لەو بەرپرسیارێتیە دەترسن کەلەدوای پرۆسەی هاوسەرگیری تووشیان دەبێت، ئەمە باوەڕی خاتوو نیان عەونی-یە وەك توێژەرێکی دەروونی ئاماژەی بەوەدا کە زۆر لەگەنجەکان لە رووی دەروونییەوە تووشی کێشەیەك بوونە و ناتوانن بەرپرسیارێتی هەڵبگرن و دەترسن لەوەی کەدوای ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری تووشی ئەوەبن کە ژنەکەیان و منداڵەکانیان ئەرکی زۆریان هەبێت و نەتوانن بەو ئەرکانە هەڵبستن، چونکە تاکەکانی ناو کۆمەڵگەی ئێمە تووشی فۆبیایەك بوون کە ناوی جێبەجێکردنی ئەرکەکانە، زۆربەیان و بگرە هەموویان لەجێبەجێکردنی ئەرك و فرمانەکان دەترسن، ڕەنگە ئەمەش کۆمەڵێك نۆرمی کۆمەڵایەتی لەپشتەوە بێت کە وایکردووە نەوەی نوێ نەتوانێت وەك پێویست بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت.

حەسەن عومەر کە کەسێکی زێڕنگەرە وای دەبینی گرانی خشڵ و ئاڵتوون هۆیەکی سەرەکیە لە دواکەوتنی گەنجەکان لەئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری لەبەر ئەوەی زۆر لەگەنجەکان هەرکاتێك کەناوی ئەم پرۆسەیەیان لەلا دێت یەکسەر ترس دایان دەکرێت لە گرانی نرخی خشڵ و زێڕ لەبەر ئەوەی چەندین جار ڕوویداوە کە بووك زاوا هەبوون کە کاتێك بۆ مەبەستی کڕینی ئاڵتوون هاتوون لەسەر هەڵبژاردن و جیاوازی نرخەکان لەنێوان شتەکاندا کێشە کەوتۆتە نێوانیان و ناخۆشی دروست بووە، ئیتر ڕۆیشتوون و من نەمزانیوە دواتر چی ڕوویداوە.

زۆربوونی پێوەندیە سێکسییەکان هۆکاری کەمبوونەوەی پرۆسەی ژنهێنانە، ئەمە باوەڕی سامان عوسمانە کە ناوبراو وەك قوتابیەکی کولێژی شەریعە ئاماژەی بەوەدا هۆکارەکان زۆرن کە دەبنە هۆی دواکەوتنی ئەم پرۆسەیە، هەر لە گرانی شتوومەك و کەمی داهات و چەندین هۆکاری تر کە هەن، بەڵام سەرەکی ترینیان ئەوەیە کە زۆر لەگەنجەکان لەبەر ئەوەی کە بەئاسانی کاری سێکسیان دەستدەکەوێت، ڕووناکەنە پرۆسەی زەواج بە ڕێگەیەکی شەرعی و حەڵاڵ بەڵکو چەندەها برادەرم هەیە کە باری ئابووریشیان زۆر باشەوە هیچ کێشەیەکی تریشیان نییە، بەڵام وەك خۆیان وتەنی بە ئارەزووی خۆیان سێکس دەکەن و خۆیان بەدیار یەك ئافرەتەوە نابەستنەوە، بەڵکو لەگەڵ ژن و کچدا پێوەندی ناشەرعی دەبەستن بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ئایین و مرۆڤایەتی. بەڕاستی ئەمە کارەساتە، نەك لای ئێمە لەهەموو جیهاندا، چونکە لەشفرۆشی زۆر بووە و گەنجەکان ڕوو ناکەنە ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری.

لە کۆتاییدا من وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی گەیشتمە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- زۆربەی هاوسەرەکانمان لەبەر هەر هۆیەك بێت لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن و ناتوانن خێزانێکی تەبا دروست بکەن، لەبەر ئەوە گەنجان واتە نەوەی نوێ تووشی ترس و دڵەڕاوکێ بوونە لە ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری.

٢- نەمانی متمانە یەکێکە لەو هۆکارانەی کاریگەرە لە دروستکردنی خێزانێکی بەختەوەر لەدوای پرۆسەی هاوسەرگیری.

٣- پرۆسەی هاوسەرگیری خەریکە پیرۆزی خۆی لەدەست دەدات لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەڵاق و زیادبوونی خیانەت لەنێوان هاوسەرەکاندا.

٤- لە ئەنجامی زیادبوونی ڕێژەی لەشفرۆشی دا کە ڕێژەیەکی بەرچاو لەگەنجەکان ڕوودەکەنە پێوەندییە سێکسییەکان و ناچنە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە.

# شانزە ساڵە لێی دوورە

ساڵی نەوەدەکان بوو، ئابڵوقەی ئابووری خەڵکی تووشی گەورەترین قەیران و کێشەو گیروگرفت کردبوو، گەنجەکان نەیاندەتوانی پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، لە یەکێك لەگەڕەکە میللییەکانی ناو شاری سلێمانیدا کچێکی شۆخ شەنگ هەبوو ناوی تاڤان بوو.

تاڤان بەباڵا شۆخ و شەنگەکەی سەرنجی هەموو گەنجەکانی گەڕەکی بەلای خۆیدا راکێشابوو، ئومێد یەکێك بوو لەو گەنجانەی دراوسێیەکی نزیکی ماڵی تاڤان، هەروەها زۆر ئارەزووی دەکرد خۆی لە تاڤان نزیك بکاتەوە، تا لەئەنجامدا چیرۆکی خۆشەویستییەکی بەهێز لەنێوان هەردووکیاندا دروستبوو، چونکە ئومێد زوو زوو سەردانی ماڵی تاڤانی دەکرد و تاڤانیش سەردانی ماڵی ئومێدی دەکرد، هەردووکیان پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان هەردوو بنەماڵەکەدا بەهۆی دراوسێیەتیەوە هەبوو.

پاش چەند ساڵێك ئومێد لە زانکۆ دەرچوو، بەڵام کاری دەست نەکەوت، بەڵکو لەبەردەم مزگەوتی گەورەی سلێمانیدا دەستی کرد بە شتفرۆشتن لەسەر تەختەیەك، بە داهاتێکی کەم و ژیانێکی کولە مەرگی کاریدەرکرد. رۆژێکیان تاڤان چوو بۆ ماڵی ئومێد بە ئومێدی وت من و تۆ چەندین ساڵە لە چیرۆکێکی خۆشەویستی ئەفلاتونیدا دەژین، کاتی ئەوە هاتووە بێی بۆ داوام و منیش هیچم لەتۆ ناوێت بەس ئەوەندە بێیت بەرەسمی و ئاشکرا لە باوکم بێیتە پێشەوە و داوام بکەیت، چونکە برادەرێکی باوکم کە خەڵکی شاری دهۆکە لەگەڵ باوکمدا بازرگانی دەکات و بەتەمایە بێتە خوازبێنیم بۆ کوڕەکەی خۆی داوام بکات، بۆیە داواکارم لەتۆ خێرا هەوڵێك بدەیت بۆئەوەی رزگارمبێت لەو زەواجە، ئومێد کەسێکی رۆشنبیر بوو بەڕاستیش تاڤانی خۆشدەویست و دەترسا لەوەی کە نەتوانێت رۆژێك لەرۆژان بچێتە ناو قەفەزی زێڕینەوە و نەشی دەویست تاڤان هەر لەچاوەڕوانی ئەمدا بژی، لەلایەکەوە دەترسا ئەگەر بوو بە هاوسەریشی رۆژێك لەرۆژان پێی بڵێت کە ئەم بۆتەهۆی ئەوەی کە ئەو پیاوە دەوڵەمەندەی لەکیس چووە، لەبەر ئەوە داوای لێکرد کە رازی بێت و هەڵبدات بچێتە ناو قەفەزی زێڕینەوە لەگەڵ ئەو کوڕە دهۆکیەدا.

ئەوبوو تاڤان رازی بوو کە شوو بەو کوڕە بکات کەخەڵکی شاری دهۆك بوو ناوی هێمن بوو، پاش ماوەیەك تاڤان چووە ناو پرۆسەی هاوسەرگیریەوەو لەشاری دهۆك لەگەڵ ماڵی ئەو کوڕەدا نیشتەجێبوو.

تاڤان پاش ماوەیەك لەو ژیانە زۆر بێزار بوو، چونکە نەیدەتوانی لەگەڵ ئەو ژیانە نوێیەدا خۆی بگونجێنێت، کولتوور لەنێوان سلێمانی و دهۆکدا زۆر جیاوازبوو، بەتایبەتی لەرووی زمانەوانی و کولتوور و جلوبەرگ و زۆربەی دیاردەکان، هەمیشە شەڕ و کێشە لەنێوان تاڤان و خوشکەکان و دایکی هێمندا هەبوو، ئەمەش وایکرد کە کێشەو گیروگرفت لەنێوان هەموویاندا بەردەوامبێت و ماڵەکە پڕبێت لە ئاشوب و دەنگە دەنگ. لەبەر ئەوە هێمن زۆر بێزاربوو لەم رەوشە نالەبارەی ناو خێزانەکەی و رۆژێك بە تاڤانی وت کە ئاڵتوون و پارەکەی بداتێ ئەوسا ئەم دەچێت بۆ دەرەوەی وڵات و پاشان ئەویش رادەکێشێت، بەڵام وادەرنەچوو، ئەوەبوو کە هێمن روویکردە دەرەوەی وڵات هەر ساڵەو بەجۆرێك، جارێك بەبیانوی نەبوونی ئیقامەو جارێك بەبیانوی نەبوونی پارە، هەرجارەو بەشێوەیەك دەبوو تا ئەمڕۆکە نزیکەی شانزەساڵی رەبەقە هێمن لە وڵاتی ئوستورالیا دەژی و هیچ هەواڵێکی نییە.

ئێستا شانزە ساڵی رێکە هیچ هەواڵێکی هێمن لەلای تاڤان نییەو سۆلینی کچە تاقانەکەی تاڤانیش بەبێ باوك ژیان بەسەر دەبات. چەند مانگێك لەمەوبەر یەکێك لەو کوردانەی نیشتەجێی وڵاتی ئوسترالیایە هاتووەتەوە بۆسلێمانی و بە تاڤانی وت کە هێمن بۆ وەرگرتنی نیشتەجێبوون لە ئوسترالیا کچێکی ئوستورالی هێناوە و بەیەکەوە وەك دوو هاوسەر ژیان بەسەر دەبەن، بەڵام هێمن ئەمەی رەتکردەوە بەتاڤانی وتووە کە ئەو تائێستا ژنی نەهێناوە، ئێستا تاڤان نازانێت داهاتووی ئەو کچە تاقانە بێ باوکەی بەرەو کوێ دەچێت و چی بەسەر دێت، ئایە هەر چاوەڕوانی هێمن بکات یان داوای جیابوونەوە بکات یان وەك سەدان ژنی ئەم وڵاتە چاوەڕاوانی مێردە بێ سەروشوێنەکانی بێت کە لەئەنجامی ئابلوقەی ئابووری روویان لەدەرەوەی وڵات کردووە تا ئێستا سۆراغیان نییە.

ئەمە بەسەرهاتێکی راستەقینەبوو کەتاوەکو ئەمڕۆ هەر بەردەوامە و یەکێکە لەو بەسەرهاتانەی کە لەکاتی ئابلوقەی ئابووری دا روویداوە کە بووە هۆی تێکدانی ژیانی سێ کەس، هێمن و تاڤان و سۆلینی کچیان. ئەمەو هەزاران بەسەرهاتی تاڵ هەن لەم وڵاتەی ئێمەدا کە دەرئەنجامی ئەو ئابلوقە ئابووریەن کە روژانێك وڵاتەکەمانی هەژاندبوو.

ئایا دەبێت داهاتووی ئەو ژنانە چیبێت کە چاوەڕوانی مێردەکانیانن؟ ئایە دەبێت داهاتووی ئەو منداڵانە چیبێت کە چاوەڕوانی باوانیانن و تائێستا باوانی خۆیان نەبینیوەو نازانن کە باوکیان لەژیاندا ماوە یان نا.

**ئامادەکردنی: دیارسالار**

